ماڵـــك نـمـــا بـ حـكـــايـت..
سیروان ناشاد

کـ تـ بـڵـی
چـن بـتوانم ..
شـڵ لـگـڵ ئـم تاعونـدا بکـم
کـوك لـشکرکـی سـرخـش
دـوڕی شاریان لـ تـنیوم ….
کـ تـ بـڵـی ….
چـن بـتوانم ..
بـڕگـی جیـڵـی کـڵـبـی گورگـکان بگرم ؟!
کـ لـ بـسـی پـلامارکدان
کـ تـ بـڵـی ……
چـن لـگـڵ مـرگ و ژیندا هـڵـکـم
لـگـڵ بوون و نـبوون
سایـو هـتاو
لـتولـڕگای فـنا بووندا چـن ڕ بکـم کـ مردن هـمیشـ میوانی سـر سفرکان بـ
کـی دـست بـ بـاڵی ژینـوـ بگرم
تـ لـ یـکـمین زـرانبازیدا
دـستی سـربازکی غـوارـت گرت و
منت بـخشیـ چاوـڵـوانی
لـ یـکـم فـیندا
ڕـدووی پـلـ بـاڵـنـدـیـکی کـچـری کـوتی و
منت حـوالـڵـی غرووبی سارایـکی بولـڵ کرد
ئـیتر چـن بـڕگـی بریقـی شمشـرکان بگرم
چـن لـ گـڵـپانی شـڵـدا سـدجار نـگلـم …. !
چـیتر من بـ ویقاری سپی قژمـوـ
ناتوانم نازـك بدمـ باخچـ
ئـیتر لـ دیوـخانـکاندا بـدـم سـربوردـی حـکایـتـکانـوـ
خـوـك نامباتـوـ ….
تـ لـ یـکـمین نوشوستدا ….
منت دایـ دـست گلانـکی ئـبـدی ….
هاورـ……..
ئـیتر چـن لـشی هـنجنم بـڕگـی ئـو هـموو خاچانـ بگرـ

کۆڵ دەما دادەکوترێن
چۆن بۆ شەوی ئاو هەموو جەنگاوەرانێ ئامادە بم
کە تۆ بەرەو مەجهول دەبەن ...؟
وای ..... ڕۆژەکان چ حەشرەکمان پێ دەکەن
تەمەن ... لە ئارەقی نەو چەوانی دەستگرێکی (شێخ اللە) دەچێ
لە تکانیا کەسک خەمکی لێناخوات ..
مەدەد ...
ئەوینی من لە گەڵا بیبێ پەنجە تەزیوکان دەچێ
بە دەم ڕەحمەتی تەفانەوە هەڵدەڵرزێ ..
عیشقی من لە هەنارە وشکەڵاتووکان دەچێ
لە حەسارتی نەمامکدا هەڵدەوڕێ ..
وەڵێ ...
دار سووک بە دنیایی سەرکی لێ نەدا
باخچەیک نەهاتە دیدەنی
تەنیام ..... تەنیام ... هاوڕێ ...
ئەمستاش هەموو ڕۆژێ
چاوەک دەگرمە ئاو پێندەزەی
تەقەڵ تەقەڵ پەڵاوکانی تەی دەدوری و
بزمار بزمار ڕەحی منی دادەکوتا ...
هەموو ڕۆژێ نیگایەک دەبەخشمێ ئاو مەکوایەی
بە هاواری گەرمی کراسکانتی هەسان دەکرد و
خەمکانی منی گەرم دەکردەوە ..
هاوڕێ ...
تەماشاکە " پیرەقەرات " وەک بتکی چەقیو
لە چاوەوانیدا خشت بە خشتی دادەروخێت
" منارە " بۆزنی چەمی بە دیدارت
دوکاندارێ بە ویقارکان سەراخی سپەدەی بوونت دەکەن
هاورێ ...
گەنجە لاسارکانی سەر شەستکان
چاوی چاوەوانیان داهات ..
ژووەرکانی راموسان بەرامەی شوشەی خانیی تەیان لەدەڕێ
هاوڕێ ...
مەکانکانی حەوشش لەگوڵکان تەراون
ئیتر گەڵانوت بەسودە بە نەو
حەوشکانی ئیشق
چون بە ڕەحمەتی لەزمەی دابەانت داماوە .. هاورێ
چیتر هاتنەوت بە نەو باخچەکان سەلوایەک نادات بە ڕووحکی

بریندار ..
ئیتر بۆ دیار نوزەی نوساوی شالوورەکی پیرەوە
چاوەڕێ مە بۆ
تازە پێکردنی مەمەك لە وەحشەتی غوربەتدا
تروسکەیەك نابەخشتە نەرمو هەناسەکانم
هاوڕێ …
مەگەر تەنها زامەك لەخو هەڵسێنی و
مەگەر تەنها ئاهەك بدارکەی
مەگەڕێوە ….
ئەم چەند دەنکە گەلاسەی عومریش مەوەرێنە
ئەم چەند تاڵە ڕەشەش سپی مەکە
گەڕانەوەت بۆ نەو باخچە بکەکە
هاتنەوەت بۆ ماڵ داد نادات
نەباخچە سایەیەکی ماوە بۆ ئاڵامی و
نە ماڵەك ماوە بۆ حەِکایەت ….

سیروان ناشاد

گۆنج .. سلیم عوسمان

ـ: لەگەڵم وەرە بابچین، ئارەزووی خواردنەوەی قاوەیەکی بە شەکر دەکەم تا تاببە وەك ژیانم.
ـ: نا تۆ برۆ هاوڕێ من دەبێ بە قور بەسڕیم رابگەم، وەك تۆ پڕەشی ساتەکی ئارامیم بەڵام:ـــ بەڵامی چی خۆ منیش بۆ جۆ گەرین ناچم.، دەمەوێ بە ساتە دوا نامەی خۆشەویستەکەم لە بیر کەم کە بۆی نووسیوم ئەمە هەر ئاوا دەبین؟!
دەم لای دایکمە پێی گوتم خەت بگرە بەڵام سێیرم کرد بۆ هەموو چەکنی و کەنیێوە ئەوانەم باشترن لەوانی تر.
پڕەشی باوکمم دوای گرانەوەی لە کرێکاری بۆ هیلاکی دەتەوێ ماڵەکی ساردو سر.
ئایییی هاوڕێ تۆ سێیری ئەو ڕۆژگارە، بۆ تەمەنەوێ خەم و حەسرەت وەها خەفەی کردووین سەمای حەزو خولیاو ڕەی بڕۆ گێشتن بە ئاواتەکانمان هەر نازانین!

هیچ حەوسەلەی ئەو ژیانەم نەماوە هاورێ گەلێك جار خۆیانكان لارەم دەكەن.
-:-
ئەوە گفت و گۆی هەزاران گەنجی وڵك خەم ئاسای وڵاتەكەمە كە بە دەردە دە دەست پێدەكات!!
دەزانم وردو درشتی كەمەگا كەسەر بارە، هەر كەس بە دەردێكەوە ئازار دەچێژێ.
بەداخەوە نیشتیمانەكەم بەش مەینەتو لە هەموو لایەكەوە دەردو بەڵاو نەهامەتی دەمیان ناوەتە هەناوی نازانی خەت لەچی هەڵاوەری؟!
بەڵام من لە ژیانی خەمەوە باسی هاوتەمەنكانم دەكەم، كە لەو تەمەنە دەبێ لەبراو بیت لە هەموو پێداویستیەكانت، بە ئەوەی خواستەكانت پێل بهاوێژن بەرەو ئامانجەكان و وەدی هێنانی خەونەكانت، لە رووی ماددی و مەعنەوی هێزێك هەبێت بتبزوێنێ و دەستێكی لەزان رێنوونیت بكات، ئەزموونداركێك بەر چاوت رۆشن بكات وفەری وانەكانی ژیانت بكات.
وورەو هێز بخاتە جومگەكانی باوەر بەخۆ بوون و گوێ نەدان بە پێشهاتەكان.، فێرت بكات شكستەكانت ببن بە وانە و سەركەوتنەكان بە گەورەیی.
دەكرێ هیچ یەكێ لەمانەت نەبێت و خۆ رسكانێ دروست ببی، چونكە بەهرەمەندی زكماك و بە ماوە نییە، بەڵكو بەرهەمی هەوڵ و كۆششو كەنەدان لە شكستەكانێ، زادەی خەیالی ئومێد بەخشەو شەو نخونی و خۆ بەخشین لە پێناو بە راستی كردنیان.
دیسان دەبێم بە داخەوە بە ئەمە مەنان ئەگەرچی لەوانەی باسم كردن نین، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەیان بەر بەست و دەستی زبر هەن بە رەگرتن لە سەركەوتن و گوشینی دڵی تەری گەنجانەمان، بە شكاندنی پەیژەی بەرەو دوندی هیواو خامەشكردنی چرای ئارەزووەكان، بە ئاڵەزكردنی خەیاڵەكان و لە گەرنانی خەونەكان، بە پەوەند كردنی دەست و پێ و بەبەش كردنت لە ماف، بە هارینی كەڵەڵەی سەرو هەگەرانەوەی بیری گەشت بە تاریكی، بە داماڵینی ئازادی و بە كەیلە كردن، بە كپ كردنەوەی هاواری ناخ و لە خاچدانی هەست، بە شوشتنەوەی دەماغ و لەستاندنەوەی خودی خەت، بە سوك كردنی ژیان و قەز بوونیەوە لە بەشەریەت، ئیتر بەیە خەرسكیش واتا خە كوشتن.
بە جۆرە نائومێدت دەكەن لە ژیان ئەهریمەن رێنوونیت دەكا بە دەیان كاری نەشیاو، نیشتیمانت لە دەكەن بە زردایك، خاك و خەڵی دەكەن بە تاعون، هەتا بە سەلامەتی گیانت هەرچی زووە سەر هەڵگری و دوور لە زێد و سەزی دایك غوربەت بە ماڵی ئارامی و ژیانی تەنیایی و بەر دەستی بە شیاو بزانی.

ئیتر منەکی سەت و بە ئەرك ئاوا وەرانبم، دەبی باوکەکی وەك باوکم کە رەشە خەزانەکی بە ملاویە خە چەن دەستی نابەت بینە قاقای؟!!
دایکەکی خاوەن چەند هەتیوو بە سەردار و بە دەست گیریی دەبە چ هەناسە ساردەك بە؟
ئەو هەموو هەزارە منالەی لە بەنازی دەیان شەو بە فرمێسکەوە دەخەون، دەبە بە چ ئومێدەکەوە گەورەبن؟!!

سلیم عوسمان

کوردستان وەاتی گورگەکانە.. حه یده ر عه بدولره حمان

من نیم بلەم کوردستان وەاتی گورگەکانە، ئەوە ئەو زنجیرە پلیسیە پە لەسەرکەشیەی (میهران شیری) یە ناوی (گورگەکان) دەەت کوردستان پەە لەدیان گروپی مافیا، تەژیە لەململانە و شەو کوشتارو پەکدادان لەنەوان خەیاندا، لەپەناو گەیشتن بەگەنجینەیەك کەلە ژەر خاکی ئەو نیشتیمانەدا شاردراوەتەوە، دوو گروپی مافیایی سەرەکی کە هەریەکەو نیوەی نەخشەی جوگرافیای شوەنی گەنجینەکەیان لایە، ململانە دەکەن لەسەر بە دەست هەنانی گەنجینەکەو هەموو هەزو دەسەاتەکانی خەیان بەرجەستە دەکەن، بە باکانە بەسەدان کەس لەدەستو پەوەندو بەکرە گیراوەکانی خەیان بەکوشت دەدەن، بە گەیشتن بەو مەرامە.
ئەو گەنجینەیە بەتە هەما بە سەرو سامانی وەاتەك کە هەمووان چەشنی گورگ بەخوەن هەوەی بە دەست هەنانی بە دەدەن، بەمەبەستی دەست بەسەر داگرتنی کە لەشوەنکی نادیار شاردراوەتەوەو نەخشەکەی لای ئەو مافیایانە پارەزراوە، دواتر کە گەنجینەکە دەدەزرەتەوە ، هەوەی ئەوەی بە دەدرەت ئاودیوی تورکیا بکرەت..
ئەمە هەەی سەرەکی سیناریەی دراماکەیەو لەپەراوەزی دا کەمەە وەنەو دیمەنی کوردستان بەرجەستە دەکات، لە ململانەی نەوان باندو چەتەو فرەشتنەی چەك و هەەکوتانە سەر بانك، ئەو دیمەنانەن کە لەگورگەکاندا بە زەقی دیارە ، کەچی دەرهەنەر(میهران بەشیری) دەەت دراماکە باس لەبەرقەرار بوونی یاسا دەکات لەکوردستاندا!

ئە خۆگرتر ئەم دیاردانەی ئەو نیشانمانی دەدات بەرقەرار بوونی یاسا بێت، دەبێت پشتگیری کردنی یاساو نا سەقامگیریەکەی چۆن بێت؟
جاران کێشەی بنەڕەتی لە بەردەم دراماى کوردی و بەرهەم هێنانی پرسی دارایی بوو کە جۆرەکەی لە دەست حکومەت بوو، بەڵام دەرهێنەرکان ئازاد بوون لەهەڵبژاردنی هەر بابەتێك کە ئەوان بە خزمەتی دراماى کوردی بگرنگی بزانن، کەچی ئێستا دابین کردنی بودجە کێشە نیە و بەرهەم هێنەرکان کەپرسی بازرگانی دڵخۆشی سەرووی هەموو شتێکەوە ، ئەوانن ئاراستەی بەرهەمەکان دیاری دەکەن و کار بە ئەوە دەکەن چۆن بتوانن وەك دراما تورکیەکان لەرووی فەرم و روخسار و وێنەوە گۆنجکان راکێشن و شاشکان بدیمەنی بریقەدارو موزیکیف و پڕ لە فەخفەخە بازێننەوە، کەمپانیاکان هان بدەن کە بە باوکردنەوەی کالاکانیان روو لەو کەناڵە سپۆنسەرانەی دراماکە بکەن.
بۆیە ئامانجی سەرەکی لەبەرهەم هێنانی دراما کوردیەکانی ئەمڕۆ بگشتی پرسە بازرگانیەکانن، ئیدی ئەو ئامانجی بازرگانیە زۆر جیایە لەو ئامانجەی جاران کە دراما دژەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی و نەتەوەیی بوو، بەڵام دەسەڵاتی دارایی و مەعنەوی وەك ئێستا فەراهەم نەبوو، کەچی وەڵای ئامرازە تەقلیدیەکان لەکامەراو ئامێرە هونەریەکان و بێ دارایی، لە دراما رووکەش پڕ لە زەغرەفەکانی ئێستاکە مەقبول تر بوو لای بینەر ..
هەکاری بنەڕەتی ئەو مەقبولیەش لەوە دابوو کە وا بەستەیەکی تەکەمەی رۆحی و هونەریی لەنەوان بینەرو دراماداهبوو، دراما ببووە بەشێك لە ژیانی بینەرو گوزارشتی لە خەم و ئاواتەکانی دەکرد.
ئەم نموونەیەم بە نیشاندانی پەیوەندی نەوان بینەرو دراما بۆیە هێنایەوە، چونکە دیارە ئەو پەیوەندییە باوی نەماوەو بینەری کورد خەریکە متمانەی بە دراماى کوردی نەمێنێ، دوای ئەوەش چەند نموونەیەکی تازەی بینی، ئیدی گەیشتە ئەو بڕوایە هەشتا زۆری ماوە دراماى کوردی بکەوێتە سەر پێ و بەو شێوەیە دەرکەوێ کە ئەو ئاواتی بە دەخوازێ.
ئەوەتا لە(گورگەکان) دا چەند کەمپانیایەکی وەکو (سامپڕداکشن ، ئیدیکە گروپ) و کەناڵی کورد ماکس بە یەکەوە بەشداریان کردووە لەبەرهەمهێنانی زنجیرە دراماى گورگەکان، هەموو کارەستە سەربازیەکانی وەك چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبیلی پۆلیس و ئامڕازکانی تریان بە دابین کراوە، جگە لە کاستێکی هونەری پڕقیشنال لە وێنەگرو موزیك و رووناکی و ئیکسسواراتی هەمە جۆری هونەریی، بەڵام ئایا وەڵای دابین بوونی هەموو پێداویستیە ماددی و هونەریەکان ، ئایا دراماکە توانی ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنێ کە

بینەر چاوەڕوانی دەکرد؟
ئەم پرسیارەکەو بینەر خەی وەڵامی دەداتەوەو رەنگە ئەوانیش لە گەیشتن بە وەڵامەکی دروست هاوکوف نەبن ، هەندەکیان پێیان وابێ، زنجیرەکە لەرووی فەرم و تەکنیك و ستایلی سینەماییەوە فەرمەکی تازەی پێشکەش بەدرامای کوردی کردووە، لەرووی ئەکشن و هەسوو کەوت کردن لەگەڵ دیمەنەکانی شەو بەکارهێنانی تەقەمەنی و فڵمی سینەمایی، ئەم هەنگاوە دەست پێشخەرییەکە بە دەرچوونی درامای کوردی لە قالبە تەقلیدیەکەی خەی ، چونکە درامای کوردی تا ئێستا ئەزموونەکی ئەوتەی نەبووە لەرووی درامای ئەکشن و ئەو ستایلە نوێیانەی لەگورگەکاندا بینرا.
بەڵام بەشەکیش هەن دراماکە بە درامایەکی کوردی نازانن و پێیان وایە گورگەکانیش بە دەردی دراما تەقلیدیەکانی پێشووتر دەچێت و هیچ شوێنە لە پێگەی درامای کوردی ناکاتەوە ، دیسان سەر لە نوێ رەنج بە خەسار بووین و نەمانتوانێ گرێ کوێرەی درامای کوردی بکەینەوە و لەو حاڵەتە چەق بەستووەی هەیەتی رزگاری بکەین .
لە بەر ئەوەی ئەو جۆرە درامایانە کە ئامانجی بازرگانی دەخەنە سەرووی هەموو ئامانجەکی دیکەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی نایانەوێت بابەتەك بوروژێنن کە هیچ مەرکەکی نەتەوەیی پێوە بێت ، یا کێشەیەکی گشتی ئەو میللەتە بوروژێنن و چارەسەری بە دابنێن، یاخود لە نێو ئەو کولتوورە دەوەندەی کورد، بابەتەکیان بژاردە دەکرد کە کورد شانازی پێوە بکات و ئەو کولتوورە جوانەی خەی نیشانی گەلانی دنیا بدات و ببێتە پێناسەیەك بە مێژووی پە لە سەروەری خەی ، نەك ئافرەتی مافیای دەمانچە لە چەك هەکوتێتە سەر بانك و دیمەنەکانی پە کات لە مافیاو قومارخانەو مەیخانە.
بەیە هەموو ئەو هونەرە پێشکەوتووەو ئامرازە تەکنیکی و مەدەرنانە ئەگەر بە خزمەتی بابەتەکی کوردی بەرجەستە نەکرێت، ئەوە گەانەوە بە ستایلە تەقلیدیەکانی سەردەمی رەشو سپی بە باشتر دەزانرێت بە بینەر، چونکە بینەر پێی وایە ئەوەی لە گورگەکاندا بینی، رەژانە بەدەرزەن لە درامـــا دەبلاژ کراوەکانـــدا دەیـــبینی، لەوانەی پەیوەندییان بە هونەری کوردی و کۆمەڵگای کوردییەوە نیە .
کەواتە بە بە تایبەتی کـوردییەوە بێت و ئەو پـارە زەبەللاحەی لە کوردستانەوە بە تەرخان بکرێت ؟
لەوەش گەڵە کە ئەو جۆرە درامایـــانە لە ناوەرۆکـــدا لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگای کوردن ، ئەی ئەو ئاسەوارە ناشیرینە نالەژیکی و نا واقیعیانەی بەزەر بەسەر کۆمەڵگای کوردی دەسەپێنن و بە چەندین شەواز دەیانەوێت ناشیرینی کەن و لەو تایبەت مەندیەی خەی بیخەنە دەرەوە؟

ئایا ناشیرین نیشاندانی کەمەگایەك و لەکەدار کردنی داب و نەریت و کولتووری ، بە هەر فەرم و شێوازێك بێت بێت لای بینەری کورد مەقبوڵە؟
لە گورگەکاندا بەپاساوی بەرقەرار بوونی یاساو نیشاندانی فیکەی چەند ئەتەمبیلەکی فریاکەوتن و دوو پۆلیس، لە ژێر وێنەی سەرەك، کوردستان کراوە بەلانەی مافیاو باندو دزو جەردەی ئەو دنیایە، هەقیقەتی ئەو هەلومەرجە ئارام و سەقامگیریەی کوردستانیان بەشێوەیەکی قەزەڤان شێواندووە، وەك ئەوەی کوردستان تیکساسەك بێت، یان وەاتەکی بە یاسا.
بەیە بینەر مافی خەیاتی بپرسە ئایا راستە وەاتی ئەمە وەاتی گورگەکانەو ئەوەی گورگەکان دەیکەن بەڕاست واقیعی ئەمەی کوردستانە؟ واقعەك کە بە پارەو هاوکاری لەجیستی کوردستان، کوردستانی پە ناشیرین دەکرێت ؟
پرسیاری تر ئەوەیە ئایا شێواندنی واقیعی کوردستان و شوبهاندنی بەواقعەکی ناشیرینی دەرەوە، بە مەبەستە یان بەهەی ون بوونی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانیە؟
ئایا پێتان وایە دراما ئەو چەکە کاریگەرە ناڕاستەوخۆیە کە بە مەبەست دەچێتە ناو خەزانەکانتان کاریگەری نابێت لەسەر هزرو سلوك و پەروەردەو ڕەوشتی کەمەایەتیتان ئاوا دەرگاتان بە واڵا کردووە بە ئارەزووی خەی مناڵەکانتان فەری توندو تیژی و وەاتەکەتان ناشیرین بکات ؟
ئایا ئەو چەند بەرهەمە شکست خواردووانەی رابووردوو نەبوونە مایەی هەوەستە پەکردنی بەرهەم هەنەرەکانی دراما لەکوردستاندا کە بگەنە ئەو بڕوایە، کەشەی دراماى کوردی ئەمەکە لەناوەرەکە نەك تەنیا هەر فەرم ؟
ئەگەر ئامانج سەرهەدانەوە بە مەدەرن کردنی دراماى کوردیە، دەبە لەوە بگەن کەبەدی هەنانی ئەو ئامانجە هەر تەنها بەفەرم نابێت وەك پڕپاگەندەی بە دەکرێت، ئەگەر لەدەستپەکدا بە ناوەڕەك و مەرکەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەست پە نەکەیت و نەخشەیەکت لەبەردەست دا نەبێت بە ئامانجەکانت .
خە ئەگەر دراما پەناسەو مەرکەکی نەتەوەیی و کەمەایەتی هەنەگرێت و ئامانجەکانی ون کردبێت، ئەوە هەموو پەکهاتەکانی تری بەشێوەیەکی هەمەمی لەگەڵ خەیدا دەوخەنە، ئەو کات هیچ لەتوخمەکانی دیکەی دراما، چەند ئەوەندەی ئەکتیف و پە لە ستاتیکا بن لەناو تەم و مژی بازنە داخراوەکەدا ون دەبن و بەهایەکیان نامێنە ، لەوانەش ئەکتەرەکان، هەر بە نموونەش ئەو ئەکتەرە خاوەن ئەزموون و بە توانایانەی لەگورگەکاندا بەشدارن، زەربیان هەموو توانستەکانی

خەیان بە بەرجەستە کردنی کاراکتەرکانی خەیان بەرجەستە کردووە و توانای باشیان نیشان داوە، بەڵام لەگەڵ وەن بوونی ناسنامەی ڕەسەنی دراماکە و ئامانجکانی ، تواناو لێهاتوویی ئەوانیش وەن دەبێت .
ئەگەر دەرهێنەرکی وەك (میهران شیری) ئەو تواناو ئەزموونەی خەی بە بەرهەمهێنانی درامایەك تەرخان بکردایە کە خزمەتی کولتووروو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلەکەی کردایە، ئەو دەرفەتە زێڕینە بەو کوالیتە پێشکەوتووە و ستایلە سینەمایییە پێشکەوتووانەوە لەدەست نەدەچوو، ئێستا درامای کوردی دەکەوتە قەناغێکی تر .

هەمیشە دراماکانی ئەم هەڵەی دراماکانی پێش خەیان دووبارە دەکەنەوەو ناتوانن سوود لەهەڵەکانیان وەربگرن، هەرگیز بایەخ بەتەکست و دەق نادەن و ئەو ڕەگەزە بنەڕەتیە کە تەواوی توخمەکانی دیکەی درامای لەسەر بونیات نراوە فەرامۆش دەکرێت و هیچ بایەخێکی بە دانادرێت.
دەرهێنەرێك دێت دێوەو بە سیناریۆیەکی ڕووکەش کۆخەی بەسەرپێیی دەینووسێ ، یا لەکاتی وەنە گرتندا سکەچی بە دەکەشە ، ئەو بەشاییە گەورەیە پە کاتەوە، کە لەپەراوێزی دا بەهایەك بە زمانی دراماکەو دیالۆگ نامێنێ و هەر ئەکتەرەو بەزمانێك قسە دەکا وەك ناسر حەسەن بە(ئەپراسیۆن بەعث ئەپریسۆن) دووچاری دێیان هەڵەی زمانەوانی دەبێت، کە وەك مەرکەکی ناشیرین بەسەر ڕوخساری دراماکەوە دەمێنێ ..
ئەم بەکەم تەماشا کردنی زمان و دیالۆگ لای دەرهێنەرێك ئاسایییە کە پێش بیرکردنەوە لە بایەخ دان بە زمانی دراماکەی، ئەو شوێنکی بە بایەخدان بە کولتووری نەتەوەیەکی بەپەراوێز خستووەو کولتووری وەاتەکت بە نمایش دەکات کە لە تیکساس دەچێت، ئیدی چ گلەییەکت لەسەقەت بوونی زمان هەیە.

مەرجەکانی کارکردن لە شانۆی ئیمپڕۆ.. ئامادەکردن و

وەرگێرانی: زاهیر عەبدوڵڵا

کە ئەکتەر بیت لە نمایشکی ئیمپرۆدا

- هووبکەرە بینەر
- دەنگ بەرزبکەرەوە
- فۆکەس بخرێتە سەر شوێنکی شانۆکە
- خۆرا ڕاڵەکێت بگۆڕێ
- گورج گۆبەند لە هاتنت بەسەر شانۆکە
- تەمپۆ هابگرێ
- بەپێرەش بۆ بەدواکەوتنی ڕوداوەکان
- دەست و قاچ و جەستەت بکاربهێنە لە کاتی نواندندا
- لە دوای نمایشکردنی دیمەنەکە بگەڕێرەوە ببەرەوە بۆخۆت.

تە دەبیت بە ڕەخنەگر و چاودێری بینەران- ئامۆژگاری.

مانای چاودێرو و ڕەخنەری بینەران(مودراسیون- عریف حفل) چیە؟

- چاودێری بکە بە بابەت و ناوەڕۆکی نمایشکەی ئەوارت کە بەردەوام دەبێت.
- وێنەیکی گشتیت هەبێت لەسەر، کات، شوێن و خەڵک و بابەت.
- مامەڵە لەگەڵ ڕودای چاوەروان نەکراو دەکەیت.
- لە پیشکێکەیدا هەوڵ بدە سەرتا هاوکاری بینەر بکە کۆشکی دەخشی و پێکەنیناویان بەبخولقێنیت.
- تەواو ئاگاداری کات بە.
- گروپەکەت/ ئەکتەرکانت پێشکێش بەبینەرکان بکەو بیان ناسێنە.
- لە شتی گرنگدا بینەرکەت ئاگادار بکەرەوە.

ئامۆژگاری

- ئەو کەسەی کە گەمەکە دەبات بڕیاری (مودراسیون) ئەو زۆر گرنگ نیە بۆکو ئەکتەرکان زۆر گرنگن .
- لە کات و شوێنی ڕاست و دروستدابیت و دڵنیابیت.
- هەژمون و دەسەڵات هەبێت بەتام لەگەیدا بەفیز، نەرم و ئارام و دەخشبە.
- زیادەڕەوی بکە لە دەخشیدا
- هاوکاری ئەکتەرکان بکە لەکاتی پیویستیدا.
- تەواو ئاڕێشتی و پێزانتیف بە ئاگاڕ هەستت کرد بابەتکە خراپ نمایش دەکرێت و بەرەو خراپی دەروات، تە دەبێت هەندە

پەستیف بت بتوانیت بەلانس ەابگریت.
- دیمەنەکە ەابگرە کاتێک پیویستی کرد.
- دەبێت هەموو یاساو ڕێسای مەرجی گەمەکان بزانیت.

زمانی جەستە:
- دەستەکانت لەخوارەوە نەبێت و بە جووڵەبێت
- دەست باڵاکانی بجووڵێنە
- دەموچاوت کراوەو دڵشادی پیوە دیاربێت
- کۆنتاکتی چاو کەڵکی بینەردا دروست بکە
- قنج و قیت و پڕو بوستە.

پرسی پراکتیکی

- پیش نمایش ئەو ڕۆژە هەندێک چالاکی و مەشقی ەاهێنانی دەخشی بکەن.
- دەربەستی کات بە
- دەنگ، شوێن، ئەسکسوار ئەو شتە پراکتیکیانەی بەکاری دەهێنن بپشکنە.
- لە ڕووی دەروونیەوە تەواو ئامادەبن.
- خاڵەکانی دەوروبەرت بناسی

گەرمکردنەوەی بینەر

- گەرمکردنی بینەرانیش وەک گەرمکردنی ئەکتەرەکان گرنگە
- هەموو بژاردەیەکی گەرمکردنەوە کراوەبێت بێت، سەیری بارودۆخەکە بکە.

بانموونە

- جەستەیان گەرمبکەنەوە، بە شێلان و دەستبەرزکردنەوەو، هەڵبەز و دابەز و سترێچنین هەر گەرمکردنەوەیەک تە بەباشی بزانیت بەکاری بهێنیت.
- با بینەر پرسیار لەوەی تێنیشتی بکات بە خۆگەرمکردنەوە.
- با بینەر دەنگ بەکاربهێنێت بە گەرمکردنەوە.
- پرسیار لە بینەر بکە چۆنن؟ ئیوە لەڕن؟ جەند دۆخشین بە بینینی ئەوە لەم شوێنە.
- بانموونە داوایان لێبکە بە جەستەیان وێنەی k ی ئینگلیزی دروست بکەن
- چەپڵە لێدان
- ناوەکان بڵێ بڕیز

- زۆر بەکورتی باسی ئیمریان بۆ بکە
- یان بە کورتی نوکتەیکیان بۆ بکە

چۆن کەسێک نمیشکی ئیمرۆ بۆرەوە دەبات.

بزانە بۆچی گروپەکەت دەیانەوێت ئیمپرۆ نمایش بکەن.هەوڵ بدە بزانیت هەکارە تایبەتیەکانی تاکی گرۆپەکەت بۆچی دەیانەوێت لە وانەکانی ئیمرۆ بن؟ چ چاوەڕوانیەکیان هەیە؟ هەموو ئەندامانی گروپەکەت هاوچەشنن و، هەمان ئامانجیان هەیە؟ ئەگەر نەتزانی بۆچی دەن هەوڵبدە چەند تەمرینەکیان لەگەڵ بکە ئەوکات خۆت هەڵدەک شتت بۆ لا رووون دەبێتەوە. فریای ئەوە دەکەویت شوێن هەڵبژێریت و کارەکەت ئاپڕۆنیت.

بۆ نموونە لەم جۆرە بابەتانە

ڕەنگە گوێت لەم جۆرە کەمێنتانەبێت لە کاتی پرسیارکردن یان گفتو گۆ قسەکردنی گروپەکەت.

1- شتێکی خۆش بۆ خۆم
2- سەرگرمکردن و خۆ خەریکردنەکە لەگەڵ ئەوانی تر
3- دەمەوێت بەگژ ئەو ترسە کەمەڵایەتیە بمەوە کەهەمە
4- ئەمەوێت تەکنیکەکانی نمایش فێربم بۆ ئەوەی لە ئایندەدا تەکستێک نمایش بکەم
5- دەمەوێت زیاتر لە سەر شانۆ شارەزابم
6- دەمەوێت هەفتەی ئایندە بەشداری بکەم لە پێشبڕکێکدا لەسەر شانۆی سپێرت(ئەم جۆرە زیاتر پێش بکەوی قوتابخانەکانە)
7- ئەموێت خێکی تر ببینم

یەکێک بدەزرەوە- نامەیەک – بۆرەوە – ماڵەوە

کە هەوە بدەیت هەموو هاوڕێکانی ئیمرۆ لە ئەوارە نمایشکە جێی بکەیتەوە، ئەوە شتێکی مەحاڵو نابێت. ئەوش پەیوەندی بەوەوە هەیە ئامانجی گروپ چیە. هەوە بدە(نامەیەک لەگەڵ خۆتدا بۆ) ئەوش بۆواتای کە گروپەکەت چ شتێک فێربوون لەو ماوەیەدا تێ کارت لەگەڵ کردوون ئەوە نمایش بکە.

نموونە بۆ نامەیەک بۆ ماڵەوە بۆرەوە:

- هیچ شتێکی مەترسی تێدا نیە کە هەڵە بکەیت.
- هەڵەکردن چێژت پێدەبەخشێت.
- ئەگەر تەکنیکی ئاست بەکاربهێنیت، مەشکت بۆ شۆکی چاوەڕوان نەکراو خۆبەخێی (سپێنتان- العفوية) دەبێت
- دیمەنە باشەکان پێکهاتەو بونیادیان هەیە.

مەشقی گونجاو بدەرەوە
بەسەر مەشق و ماهێنانکاندا بچورەوەو موراجەعەیکیان بکەرەوە، ئەو مەشقانە بکە کە خەت حەزی پێدەکەیت، گرنگ نیە ئەگەر گروپەکەت لەوە پێش ئەو مەشقانەیان ئەنجامدابێت، گرنترین شت ئەوەیە کە خەت حەزت لێیبێت.
یەکەم خەگەرمکردن:
دنیا بە لەوەی کە گروپەکەت هەموویان هەست بە دنیایی و ئارامی بکەن لەگەڵ تەدا، ناوی هەموویان بزانیت، بە هین بانگیان نەکەیت، کە تەوەک ئابڕڕک ناویانیت زانی ئەوە بەشکە لەوەی کە دنیایان پێدەبەخشێت، هەوبەدە خەسڵەت و خوە تایبەتیە سەرنجاکێشکانی یەکێکیان بزانیت، دنیا بە لە دنگ و جەستەت، گەرم و سازو ئامادەبێت کە میشک ئابهێنرێت بە گەمەکانی ئیمپڕ، ئایبهێنە بە پێوەندیکردن، خەبەخەی (سپەنتانی – العفویة)، لەگەڵکەوتن (affirmation).

دووەم قەناغی سەرکی:
لەم بەشەدا کارکردنمان هەیە بە گەمی کورت و گەمی درێژ و چەمکەکی قوڵتر، لەم بەشەدا کارەکتەر، دیمەن و حاڵەت دروست دەکەیت و گەشەی پێدەدەیت.

خەبونەوەو کۆتایی پێهێنان:
بە ئەم قەناغە مەشقەکی لەسەرخە و بە هیچ لەخەکردنەکی زەر شتەکی باش، دوای تەواوبوونی وانەکە، شتەکی باش بووە کە گروپەکەت بەهەی مەشقە نزیک و و گەرمو گوڕکانەوە یەکتریان ناسیووە، دوای تەواوبوونی دەردەکەت هەوبەدە ئاوناکیەکە خامەش بکە و پیکەوە لەگەڵ گروپەکەت ئەژەکە هەسەنگێنن.
ئاهێنانکان ئەکبخەو بینووسە
هەوبەدە لە دەفتەرەکدا ئەو مەشقانەی لەگەڵ گروپەکەدا دەیکەیت لە دەفتەرەکدا بیننوسە، ناو و ناوەرەکی مەشقەکانی تەدا بنووسە، پەش ئەوەی دەستبەکار بکەیت و مەشقەکان بکەیت بزانیت ئەوەندە کام ئاهێنان هەدەبژەریت بە خوەندکارەکانت، هەروەها دەبێت بزانیت رەژی پیشووتر چیتان کردووە، رەژانە یاداشتەکان تەمار بکە. تەئکید لەوە بکەرەوە کە ئایا ئەو وەختەی لە بەردەستدایە چەندە وەتوانیت چەند ئاهەنانیان بە خوەندکارەکانت بکەیت، کات و مەشقەکان لەگەڵ یەکدا بگونجێنە.
ئیکلام کردن بە نمایشیکی ئیمپڕ:
هەوبەدە با ناونیشانی نمایشەکت لەسەر پستەر و ئیکلامی نمایشەکت

بە ڕۆژی پیشاندان سەردەکی (مانشێتکی) خۆشی هەبێت، زەردەخەنە بخاتە سەر لیوی خەڵک، دەشتوانی پەستەرەکان لە شۆوی کاریکاتێردا بن، ئەمە ئۆگەر لە کاتکدا شوێنک بانگهێشتنی نەکردبێتی، هەندک جار فەرمانگەیک یان شوێنک خۆیان بەکلام بە ئۆوارە نمایشک دەکەن و ئۆو ئۆوارە نمایشکەیان لە تە کەیو، یان بانگیشتیان کردوویت، خۆیان خاوەنی کارەکەن
لەکاتی دەرسەکاندا، ئاهەنانەکان ونبکەرەو.
کاتک تە ئاهەنانەکان وندەکەیتەو بە شۆوەیکی سروشتی چەمکک ئامادە دەبێت بە رونکردنەوەی مشقەکان. لەسەرخۆ و بەوونی قسە بکە، هەندک ئاهەنان باشترە ئۆگەر هاوکاری وەرگریت لە ئۆکتەرەکان/ ئیمڕۆقیستەرەکان.

بیر لەم پرسیارانەی خوارەو بکەرەو

- پیویستە هەموو ئاهەنانەکان بەیجار ووون بکەموە یان ونکردووکانم دابەشبکەمە سەر چەند قەناغک؟ بەواتای لەکاتی پیادەکردنی ئاهەنانەکاندا ئۆکتەرەکان بوستنم و سەرنجی خەم بدەم لەبارەی توخمەکانی گەمە و گەم و ئاهەنانەکان؟.
- ئایا پیشتر ئامانجی ئاهەنانەکان ئاشکرابکەم یان ئامانجی ئاهەنانەکان ئاشکرا نەبێت بە ئۆکتەرەکان؟ زەرجار پەویست ناکات مشقەکان ونبکرێتەو، پیاو فیرئەبیت باشتر دەبێت ئۆگەرچی خۆشی نەزانێت ئۆو شتە چیە کە ئەیکەیت ، زەر جار بەشداران خوازیاری ئۆون کە بەچی هەندک مشق دەکەن.
- ئایا پێشنیازی چاکردنیان بدەمە و ڕەخنەی بنیاتنەرانەیان لەبگرم یان زیاتر وازیان لیبهێنم و کەشکە ئارام و هەمنتر بێت؟. زەر جار دەبینرێت و سەرنج دەدرێت، ئۆکتەرکان هەستی پەدەکەن کە هەڵکە لەکوەدایە، ئۆو شتکی زهنیە سوبجەکتیفیە. هەندک جار بەشداربوان تێناگەن چەن مشقەکان دەکرێت، زەر گرنگە کە تێبینی بکەن و بزانن چ پەیوەندیەک و وەرگرتنەوەیەک گونجاوەو کامە نەگونجاوە .

دابەشکردنی گروپ

دابەشکردنی گرروپەکە بە گروپی بچوکتر دەتوانیت بەشۆوەی هونەری دابەشیان بکەیت، هەوە بدە ئۆکتەرەکان بەو شۆویە کار بکەن کە هەموویان ئۆو دەرفەتیان بە هەڵکەوێت کە بەریەکتر بکەون و لەگەڵ یەکدا مشق بکەن. بەڵام بیر لەوەبکرەوە هەندک مشق هەیە پیویستی

بە متمانەی زیاتر هەیە، زۆر باش نیە کە ئەکتەرەکە بگۆڕیت لەکاتی شوێنکی نمایشدا.

بانگیان بکە، سێ سێ و یەک یەک دابەشیان بکە، ئەنگۆ هەندێک جار تەکنیکاوبوونی گروپەکان ناخۆشی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەندێک کەس هەیە حەز دەکات لەگەڵ هاورێکەی ناهەنان بکات و بڕهاورێکەی بکەوێت. چەند جۆرێک دابەشکردنی گروپ هەن.

- هەڵبژاردنی ئازاد
- دابەشکردنی گوروپێکە کە چەن ئاوستاوەن
- گروپێکە دەکرێت بە چەند گروپیکەوە بە نموونە بە چوار گروپەوە هەر یەکێک لەو گروپانە لە چوار خوێندکارێکهاتووە هەرکەسەو ژمارەیەکیان پێبدرێ، بە نموونە (١،٢،٣،٤) پاشان داوا لە هەموویان بکە هەرکەسەو ژمارەی خۆی بدەزێتەوە، ژمارە یەکەکان لەم شوێنەدا بن و دووەمەکان لەوێدا سێەمەکان ، بەو جۆرە دابەشکردنە.
- گروپێکێت بەشێوەیەکی و ئون و کاتگاری و دەستە دەستە دابەش بکە بەنموونە کە ئاژەڵی ماڵی هەیە لە ماڵەوە بچێتە ئەو گۆڕەیە، کە نیەتی بە ئەو شوێنە، جاری واهەیە ئەم جۆرە دابەش کردنە شتی هاوبەش دەدەزنەوە لە ناو خەیاندا، خۆی دەبێت بە یاریەک. گروپی خاوە ئاژەڵ. یان بە نموونە کە بە پاسیک هاتووە بۆ ئێرە؟ یان هەر شتێی تر کە تۆ وەک ئابەر بۆخۆیادا دێت.
- ڕشبەکەک بە شتەک کە ئەنجامەکەی بێتە هەی پلەبەندی بەنمرە یان دابەشکردن لە گروپەکەدا، بەسەر دەڵاو و براوەدا دابەش دەبێن، کاتێک مەشق دەکەن دۆراوەک و براوەیەک، بەرێک دەکەون، بەڵام ئەوەش لایەنێی نەرێنێی خۆی هەیە، ئەوانەی کە دەڵاون هەست بە ئیزعاجی دەکەن، دەتوانرێت هەندیک یاری هەڵبژێریت کە هیچ هەیبەت و (پریستیژ) شتەکی گرنگی تێدا نیە تەنها بۆ خۆشیە.

کە بەشێوەیەکی پراکتیکی کە بیر لە دروستکردنی دیمەنێک بکەیتەوە:

شوێن – ئایا ئاشکرایە شوێنی نمایش لەکوێی سەرتاختەی شانۆکە دەبێت؟
پەیوەندی – ئایا ئەوانەی ئامادەگیان هەیە لەسەر شانۆکە لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندیەکی هەیە و ئاشکرایە؟
دۆخ (ئاتمۆسفار) – ئایا هەست بە کەش و دۆخێکە دەکرێت لە

دیمەنەکەدا و ئاتمسفیرەکە دیارە؟
کارەکتەر – ئایا ئەو دیارە ئەو کارەکتەرانەی ئامادەن کێن و چەنن؟
کات – ئایا لە کات حاڵی دەبین و تەدەگەین، کاتێک دیمەنەکە نمایش دەکرێت؟
ناسینەوە – ئایا ئەوانەی سەیری دیمەنەکە دەکەن خەیانی تێدا دەبینەوە؟
مەبەست (ئامانج) – کارەکتەرەکان چ مەبەستێکیان لەم حاڵەتەدا هەیە لە دیمەنەکەدا؟ و دیمەنەکە بە چ مەبەستێک خزمەتی نمایشکە دەکات؟
ناکۆکی – چ ناکۆکیەک لە دیمەنەکەدا هەبووە، ناکۆکیەکە چ وەزیفەیەکی هەیە لەسەرتاسەری چیرۆکەکەدا؟
کۆی ئەزمونەکە – ئایا ئەو پێکهاتانەی سەرەوە و ئەو خانەی کۆباسمان کرد لەگەڵ یەکتر دەگونجێن و ئەزمونێکی تەواومان دەدەنێ کە شایەنی بینین بێت.

پێنجا و سێ خوڵەک کارەبا.. ستیڤان شۆمزینی

شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی ژیان لە کوردستان

باوکم بە قووڵی نەفەسی لە جگەرەکەی دەدا و باسی رابردووی پڕ ئازار و مەینەتی خۆی دەکرد لە ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتییدا، نازانم چ پاڵنەرێکە جار جار دەیباتەوە سەر گێڕانەوەی بایەگرافیا و هەموو جارێکیش پڕ لە زەرشت دانێت و زەر دانپیانانی سەیر بڵیان دەکات، لە پڕ هاتە سەر باسی گەدایی و نەداریی کاک (...) ئا... ئەو، ئەو سوپەرمانەی وامدەزانی لە ساتی لە دایکبوونیدا پێنج ملیۆن دۆلاری لە سکی دایکییەوە هەناوە بە سەر ژیان. وتم: ئەڕە باوکە کاک هەین ئەو شتە زلە دەناسیت، باوکم بە خەرایی وەڵامی دایەوە: تەنانەت ساڵانێکی زەر بەرپرسی بووم. ئەوسا کابرایەکی گەدای لاواز بوو. وتم: ئی چۆن وا دەوڵەمەند بوو؟ لە کاتێکدا کاتی خۆی وا هەژار و نەدار بووە؟. باوکم وتی: نازانم، فەرهود، ئا.. ئا.. فەرهود.. دزی.. دزی.. چوزانم.

وتم: وەک تۆ بزانی زۆر هەژار بوو؟ باشە تا چ رادەیەک زەلیل ببوو بۆ دەست هەژاریەوە؟ باوکم سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد وەک ئەوەی چاوەڕێی هاتنی هاوڕێیەکی بکات وتی: ها.. ها.. کوڕە چوزانم، بۆ خوا پارەی خانوویەک بەس جگەرەم بۆ کڕیوە هەر لە پاکەتی بۆغداد و سەمەرەوە بیگرێ تا دەگاتە سپەشل و ریم. منیش تازەک بەدەنگ بووم، هەندەک رامام لە جریوە و دەنگی پە سازی مۆلیدەی کارەبای دراوسێکەمان، هەر دەتگوت سەمفۆنی بیتهۆڤن یان شۆپانە. کاکی مەسئول هاتەوە یادم و پرسیم: ئێرە باوکە نەتووت ئەم کابرایە تا چەند بە ڕەوشت و بە وەفایە؟.

- وەفای چی و ڕەوشتی چی؟ ئەو کابرایە لە شاخیش هەروا بوو کە پێشمەرگە داستانی تەمار دەکرد، ئەمیش مۆبازیی دەکرد!!.
+بە ڕاست مۆبازیی، ئە.. ئە.. چۆن مۆبازییەک؟ توخوا بەم باسبکە!. لە پە کارەبا هاتەوە، باوکم جگەرەکەی کوژاندەوە و وتی: نازانم مۆبازیی چی؟ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە؟ نابینی کارەبا هاتەوە، هەڵیگرە بە دوای کارەبا بڕان، چیرەکەکە ئەو دەمە تەواو دەکەین، ئێستا بە پەلە بۆ خەریکی کارەکانت ببە تا کارەبا هەیە. دایکم لەم کاتەدا لە ژووری میوان بوو، لە پە و لە خێشیدا بەرەو ژووری چێشتخانە (مطبخ) دەرپەڕی و لەبەر خۆیەوە وتی: کوڕم.. دەی خەرا بۆ قاتە ڕەساسیەکەت ئوتوو بکە، بۆ ئوتووکردن لەبەری مەکە، نازانم بۆ ئەوەندە شل و شەواوی؟ نابە کەمێک جلەکانت جوان بن، ئا.. عەتریشی لێبە چوونکە بەردەوام لە بیرت دەچێت، سبەینێ کە چووی بۆ ئاهەنگەکە لە بیرت نییە بۆیە ئێستا عەتر پرژێنی بکە!.
+دایکە گیان عەتری چی و قاتی چی و تەماشی چی؟ من نووسین و ڕاپۆرتکەم هەیە دەبێت خەرا کۆمپیوتەرەکەم پە بکەم و دەست بکەم بە تایپکردن، زۆر گرنگە زوو تەواویان بکەم.
-ئەڕە ئەم نووسینە نابایەوە؟ خەی چەند کارەبا هەیە وا بە هەواشیی دەجوڵێتەوە؟ نووسین هەڵگرە بە کاتێکی تر، بۆقەم بینووسەڕەوە دوایی تایپی بکە، خەراکە بۆ بە ژوورەکەی خۆت خەریکی ئوتووکردن بە. بۆ ئەم من وردە وردە بەرەو ژووری دانیشتن ڕێشتم و تەلەفزیۆنەکەم پە کرد؟ یەکسەر چێ سەر کانسەرتێکی میوزیکی (یانی) لە وڵاتی چین، لەوکاتەدا دەنگە کڕاڵییەکان بەرز دەبوونەوە، تیپی ئەرکێسترا لە حەماسی تەواودا بوون، یانی گەرم ببوو هەڵدەبەزییەوە، لەو کاتەدا وتم، ئەڵا خۆ ئەو (یانی)یە، من خەریکی گوێگرتن دەبم لە میوزیک ڕەحم زۆر پێویستێتی. باوکم بەرەو لای من هات و کەمێک

سەری بادا و بە دەنگێکی بەرز وتی:
-یانی و مانی چی؟ واز لەم جۆقە جۆقە بهێنە، خەرا بێ ئیشکانت بکە. کارەبا ئاوەندە زەرە وا تێ هیچ ناکەیت و گوێ بە ئەم قژ درێژە دەگریت؟. بە خوا هەر لە تەلەفزیۆنکەوە بێتە دەرە و لەبەردەممدا میوزیک بژێنە لەم کاتەدا گوێی لێناگرم.
+تۆ هەقی منت نەبێت، وا بزانم تۆ بە تەمای ریش بتاشیت، ئەرە بە ناچیت بە لای کاری خۆتەوە؟.
باوکم هیچ قسەی نەکرد، بەرەو دەستشۆرەکە بە رێکەوت، ئاگام لێبوو مۆبایلەکەی خەی کوژاندەوە و هاواری لێکردین: مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە، نەک خوا نە خواستێ یەکێک لە ناکاوودا تەلەفۆن بکا و کاتێکە بەهەدەر بچێت، کاتێک بزانی کارەبا بای بای بکات.
هاوارم کرد: باشە ئەوە مۆبایلەکەم داخست، بەڵام ئەگەر میوانێک هات دەڵێی چی؟.
+دەمت بشکێت، کوفر مەکە، کوفری وا بە دەکەی؟ بە ئیزنی خوا دوای کارەبا بۆان میوان دێت.
دایکم لەولاوە غەسالەکەی پێکرد و دەستیکرد بە جل شۆرین (فەردەیەک جلی پێخەمان هەبوو).
باوکم شیواندی: خەرا بۆن، بۆیلەرەکە هەبکەن با تۆزێک ئاوەکە گەرم بێت، ئەوەبوو من چووم بۆیلەرەکەم هەکرد و دواتریش دەستمکرد بە ئوتزوکردن.
لە پڕ لە زەنگی ماڵەوە درا لەگەیدا گرم گرم لە دەرگا دەدرا، دەستم لە کارەکەم هەگرت و چووم دەرگام کردەوە. پیاوێکی باڵابەرز بوو وتی: بۆز گیان ئەرە ئەمە ماڵی موختاری گەڕەک نییە؟.
وتم: نەوەڵا، موختاری چی؟ موختار هەر لەم گەڕەکەدا نییە.
گەڕامەوە بە ژوورەوە و بە باوکم وت: شوکر سەلامەت دەرچووین! میوان نەبوو.
دایکم هەر لەبەردەم خەیوەت پڕتە و بۆی بوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد و وتی: ئەرە بزانە کەس ئاگای لە سەلاجکەیە دایگیرسێنە، بە خوا چی تەدایە هەمووی بگانی کردووە.
باوکم وەڵامی دایەوە: چش.. تو خوا با بگان بکات هەرووک چۆن سەرکردەکانمان کردوویانە.
دایکم دووبارە وتی: ئەرە ئەمە کوا پێیوەندیی بەوەوە هەیە؟ تۆ هەر خەریکی فەلسەفەلەدانی.
لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنە نەرماڵەکە لێیدا، باوکم هاواری

کرد: کەس تەلەفۆنەکە هەڵنەگرێ، ئێستا بزانە کێیە بە تاقەتە و کارەبایان نییە و حەزی لە دەمەتەقێیە؟ ئەوەبوو زەنگی دووەم لێیدا و هەر هەمان نەگرت، دایکم ناڕەحەتی لە بەرزبوونەوەی وتی: بە ڕاست بە هەڵیناگرن نەوەک خوا نە خواستە تەعزیەک شتێک بێت.؟!.
باوکم وتی: تەعزە نییە و هیچ نییە، بەم کارەبا هاتنەوەیە کوا شەرعییە بچیت بە تەعزە؟ زەنگی سێهەم لێیدا و هەر هیچ، چوارەم زەنگ لێیدا، دایکم بە دەستی کەفاویی و سابوناویەوە هات و هەڵیگرت، کەمێک لەسەرخۆ و دیپلۆماسییانە وتی: بەڵێ فەرموو.
لە پڕ هاواری کرد: (نادیە)ی خوشکمە لە سوێدەوە تەلەفۆن دەکات.
باوکم بە سارد‌ییەوە وتی: چی لێبکەم، سڵامی لێبکە.
دایکم وتی: نادیە گیان چۆنی؟ منداڵەکان چۆنن؟ ئەوە بە ماوەیەکە دەنگت نییە؟
نادیە: زەر باشم، ئایا ئەوە باشن؟ من عەیبم نییە ئەگەر ئەوە خراپ نەبن.
دە دەقیقە زیاتر قسەیان بۆیەکەوە کرد، ئەوەبوو داوای باوکمی کرد و هەندێک قسە و باسیان بە یەکەوە کرد ئەوجا نۆبەی من هات:
-پورە نادیە گیان توخوا ئێستا ئەوە لە سوێد کارەباتان هەیە؟.
+کوڕە ئەوە تە دەڵێی چی؟ بە سانییە چییە لەرە کارەبا ناکوژێتەوە.
-ئەرە سووتەمەنی و ئاو و بەنزین و غاز و شتی وا چۆن، دەست دەکەون؟.
+لەرە ئەو کەشانە نییە، کەشەی ئەمە ئەوەیە کەمێک هەست بە نامۆیی دەکەین.
-ئەی لەرە بێکاریی و گەندەڵیی و بە خانووبی و سواکردن و شەو لەسەر جادە خەوتن هەیە؟.
+نەخێر، شتێکی وەها نییە شیاوی باسکردن بێت.
-ئەی پورە گیان بۆچی نامەیت؟ خۆ لێکوردستان بیت دە هەزار ئەوەندە نامەترت دەکەن.
+نا وانییە، کوردستان گەڵاوە، لە کۆنەڵی کوردسات و زاگرۆسەوە دەیبینم خۆش بووە.
-کوڕە کوا؟ تەحەو لەم خۆشییە، ئەگەر خۆشیی وابێت تووتی بابا بچێت.

+ئەی ئەوە نییە شاری خۆنەکان و نازسیتی و ئەو شتانە دروست دەکرێن؟.
-بە مادام گیان هەموو بنەماکەت تا دەگاتەوە ئادەم دەتوانێ چوار چین لەو خانووانە هەستێنێ؟.
+بە ، بۆ؟ ئەڕە جگە لەوە ئەو هەموو هەتلە جوانانە نابینی دروستی دەکەن؟.
-با دەیانبینم، ئەوانە بە هارونە ڕەشید و شاگردەکانێتی، خۆ بە من و تۆ نییە، لەوە قەقەنەیەک سەد دۆلاری تێدەچێت، ئەوە باسی بەفرێیەک هەڕ مەکە.
+بۆخوا تۆ زەڕ ڕەشبینیت، ئەی لەگەڵ کاری نووسین و شتی وادا چۆنیت؟.
-باش نیم، لەبەر چرا و ڕەشنایی مەمدا دەنووسم، فەزاکەم ئەوەندە عیرفانییە هەڕ دەڵێی (نالی)م، بۆخوا لە مەودوا بەپەڵە و مرۆکەب لەسەر چەرم و پێستە دەنووسم، دنیاکەی ئەمە گەڵاوێتەوە بە دواوە، جاری وا هەیە لەبەر نووری شەمەکدا هەست بەوە دەکەم شەش خولەکی تر نیگا (وحی)م بە دێت.
+لە قسە زلەکانت نەکەوتوویت، قەت ئەم ڕاوەردنە تێرک ناکەیت.
-ئەڕە تو ویژدانت ناهەقمە؟ کارەبا هەردەڵێی ترافیک لایتە، کەس نازانێ کەی و چۆن هەیە.
باوکم لەولاوە هەڵیدایە: کوڕە کەر مەبە، سەد خەزگە ترافیک لایت بوایە، بەس نەبوو دەقیقەیەک دەهات و دەقیقەیەک دەبڕا، کەواتە لە 24 کاتژمێردا دوانزە کاتژمێرمان دەبوو خۆ کارەباکەی ئەمە بە ناشکوریی نەبێت لە سەعاتێک زیاتر نییە.
+ئەوە چییە و کێیە قسە دەکات؟ ئایا میوانتان هەیە؟.
-نا.. نا.. ئەوە باوکمە.. ها بتدەمە قسەت لەگەڵ بکات، من جارە خواحافیز و بە نیازی دیدار، باوکم گوێی بە تەلەفۆنەکەوە ناو گوتی:
-ها.. نەچن خۆتان بە عەقڵ بکەن و بنەوە بە کوردستان، شتی وا نەکەن ها..
+نا.. نا.. منداڵەکان هەر نایەنەوە، تازە ئەرمان باشترە.. ئا.. ئەڕە بە ئەمە باشترە.
کەمێکی تر باوک و دایکم قسەیان لەگەڵدا کرد و دوایی خواحافیزیان لە یەکتری کرد، هەریەکە چووینەوە سەر کارەکانمان، ئەوەندەم زانی دوای 53 خولەک لە هاتنەوەی کارەباکە، تەزووکە و ڕوونەاکی گەڕپەکان بە کارەساتێکی دەتەزێن ماڵئاوایان لێکردین.

دیمەنی دوای کاربا بەڵێنەکە بەم جۆرە بوو: (پانتۆڵەکەم ئووتو کراوە، بەڵام چاکەتەکەی نا، دایکم نیوەی جلەکانی شۆردووە و نیوەکەی تر نا.. بەڵام قەباعەتەکە لای باوکم بوو لایەک لە سمێڵ و ردینی تراشی بوو لایەکی تری مابوو..). دایکم دەسی بەرز کردەوە بە باوکە میهرەبانەکەی ئاسمان و بە دەم نزاوە وتی: خودایە تەمەنی حکومەتەکەمان بە قەد تەمەنی ئەم کاربا هاتنەوەیە کەمبکەرەوە.
باوکم بە هێمنی و بە زمانێکی نەرم وتی: لە لای خوا و لە ئاسمانیش کاربا هەبێت باش، ئۆگینا ئۆیش تاقەتی نابێت گوێ لە نزا و شکواکانت بگرێت.
دایکم بەرەو لای من هات و وتی: بەخوا ئەمە ژیان نییە، لە چلەی هاویندا بەرمیلێک نەوت بە 100 دۆلار بێت ئەی ئۆگەر بەفر دابکات؟ لەولاشەوە دەست دەبەیت بە هەر شتێ بیکەیت وەک دووپشک پێوەت دەدات، جگە لەمەش لە زستان و پایزدا بە شەوەکە کاربا هەبێت قینا بە رۆژ، بەڵام ئەمسا هاوینەکەشی هەر نەهات بوو.
باوکم لەولاوە هەڕەیداوە و وتی: ئەرێ ژنەکە بە ئەوندە بە عەقڵی، کاربا بە هەموو کاتێکە خۆ وەستا ئەدیسن کاتێ دروستیکرد نەیووت تەنیا بە هاوین وتی بە زستانیشە. بەڵام وەستا ئەدیسن مەلیەدێی دروست نەکرد، ئەوە وەستا مەسئولەکانن بەدەستمایەکەی ئەدیسنەوە کاسبی دەکەن و سوو دەخۆن. ئیدی باوکم لەبەر چرا ریش تاشینەکەی تەواو کرد، بەڵام کە سەیرم کرد دەتووت ئیمامی عەلی شمشێری لەداوە لە چواردە پانزە لاوە دەموچاوی خەی بەی بوو..
باوکم بە چرایەکەوە بەرەو ژووری دانیشتن هات و رووی دەمی کردە دایکم و وتی:
ئەرێ بیستوتانە پیرەژنەک وتوویەتی رەحمەت لە گێت ئەدیسن ئۆگەر تۆ نەبووبتایە دەبوایە لەبەر شەوقی چرا سەیری تۆلەفزیۆنمان بکردبایە..
دایکم لەوێکی لە هەڵقرچاند و وتی: توخوا ئەمە نوکتە بوو؟ زەر کەنە و زەریش ناخۆشە. بەڵام من بیستووەم دەڵێن پیرەمێردێک بووە (دیار بوو دایکم پێی ناخۆش بوو سیفەتی خراپ بخرێتە پاڵ ژن).
باوکم وتی: نازانم بەڵام بە کاربایی زەر شت لە یاد دەباتەوە پیرەمێرد و پیرەژنیشت لە تێکەڵاو دەکات، توخوا وا نییە؟.
ئیتر هەر دوای فجوقی کاربا کە ئەمەش وەک دەرئەنجامێکی

فیلمی (هالۆو ئەمریکا)ی عادل ئیمام دەست بەتاڵ دەرچووین و هیچمان بۆ نەکرا. ئەوبوو باوکم گۆڤاڵەوە بۆ لای شەوچارەی شەو و هەقایەتی مەبازیی مەسئولەکە.
تا کاتی خەوتن و تا ئەو کاتەی ژنە لادێیەک بە نێعل لە دەم و چاوی کاک مەسئول دەدات و تەبعی نێعلە ژمارە (چل و چوارەکە) لەسەر دەم و لووتی دەردەچێت باس هەر باسی ئەو برادەرە کۆنەدەرە بوو، ئیدی دوایی ئەمە خەوتین بەڵام من شەو خەونم بینی 24 کاتژمێری خشت لە خەونمدا تێپەڕی و کارەباش نەبوا، سەیرە و پەرچوویەکی سەردەمە. وەڵە ئەگەر حکومەتی هەرێم پەی بزانیبا لە خەونکەشدا تەزەکی لە دەکوژاندینەوە.

تێبینی: ئەم تێنزە دیالۆگێکی وەهمییە کە گوزارشت لە واقیعێکی تاڵی ئەوڕۆژی و ئەمڕۆی کەمەگەی کوردستان دەکات.
پایزی 2006

ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم

(دژە جو)ەکان، کامانن؟.. عەبدوڵا ساڵح

هەواڵی شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل وفەڵەستینیەکان کە حەوت هەفتەیە هەڵگیرساوە، تا ئەمڕۆش بەگەرمی بەردەوامە، زوربەی ئەو شوێنانەشی گرتۆتەوە کە فەڵەستینیەکانی تێدا نیشتەجێن، بەتایبەت لە کەرتی غەززە، باڵی کەشاوە بەسەر هەموو هەواڵەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. نووسەر وسیاسەتمەدارەکان، تەنانەت خەڵکانێکی کە بەدوور لەسیاسەتیش خەیان پێناسە دەکەن، ئەمڕۆ هاتونەتە سەر خەت و قسەی خەیان لەوبارەوە هەیە، هەریەکەش لە گۆشەنیگای بیرکردنەوە و جیهانبینی خەیەوە بە دونیا و بە ڕووداوەکان ەاو بەچونی خۆی دەردەبڕێ، وەک دەڵێن: (هەرکەسەو لەهەمبانی خەیەوە گوزەدژەڕە).
ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کە دەست بدەمە نوسینی ئەو بابەتە دوو هۆکار بوو:

یەکەم – دیمەنی ئەو کوشت و کوشتار و وێرانکاریەی لە ئەنجامی پلاماری سەربازی و هەرشی فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە بەدوای خۆیدا هێنای و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، وەدەندەیی ئەو سوپا چەنگ بەخوێنە بەدڕی خوێکی سڤیلی فەلەستینی، هەروەها سیاسەتی داگیرکاری و ملهوڕی وجیاکاری دژ بەتاتی ئاستەوی ئیسرائیل لە بەرامبەر فەلەستینیەکاندا بەگشتی و سیاسەتی گەمارۆدانی ئابووری دانیشتوی کەرتی غەززە بەتایبەتی، جگە لە پلامادردانی ئەو خوێکە لەناوچەکانی تریش، ئەمەلایەک، وە لەلایەکی ترەوە تاوانی کردنە ئامانجی خوێکی سڤیلی دانیشتوی ئیسرائیل وموشەک بارانکردنیان لەلایەن گروپە ئیسلامیەکانی فەرمانڕەوا لە کەرتی غەززە، لەکاتێکدا کە ئەم گروپانە، وەک هەموو گروپە ئیسلامیە ئیخوانیەکان، دژستیان ناوەتە بینەقاقای دانیشتوانی غەززە ولە بری شیری منداڵ ((موشەکی قەسسامیان)) بە دەکەن و بەزەر دژبەتاتی خۆیان بەسەر ئەو خوێکە سڤیلەی غەززەدا سەپاندوە و بەهەی ئەم شکستەوە بەردەوامی دەدەن بەو دژبەتاتە شومەیان کە دەیان ساڵە درێژەی هەیە.

نامەوە زەر بچمە بنج و بناوانی وەگ وێشەی مێژوویی ئەو کێشەیە و دژست تێوەردانی وڵاتانی زلهێز تیایدا، بەتایبەت ئەمریکا، و وڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەت ئێران وتورکیا، کە هەریەکەیان لە بەرژەوەندی خۆیەوە لەکێشەکەدا دژستی هەیە، وە هەوەستی شەرمۆنانە و ڕیاکارانەی دەوڵەتانی عەرەبیش لەهەمان ئەو کێشەیە، هەروەها تەنگژە وبارو دۆخی ناوخۆیی و ململانێی سیاسی هەزە ئاستەوەکانی ئیسرائیل بە سەرکایەتی نەتانیاهو لەگەڵ کابەرکانیاندا، ئەمە جگە لە ئاژاوەزی و فێشەل و گەندەڵی هەزە نەتەوەیی و ئیسلامیەکانی فەلەستین.

دووەم – بەکار هێنانی دژستەواژەی (دژە جو)یە کە لایەکەک لە هەواڵدەرکانی سایتی ووداو لەم دواژانەدا بەر چاوم کەوت. ئەم دووە ووشەیە هەمان ئەو دژستەواژانەم دەنەتەوە یاد وەک (دژە کورد، دژەعەرەب، دژە ئەرمەن، دژە تورک .....) کە تا ئەمڕۆش بازاڕی بەکارهێنانیان گەرمە.

سەقامگیری وئاسایش و خۆشگوزەرانی و پێکەوە ژیانی ئاسودە وددوور لەشەڕ وئاژاوە ، دوور لە کینەو بوغزو یەکتر کوشتن، ویست وئاواتی هەموو مرۆڤێکە لەم جیهانەدا و لەوانەش دانیشتوانی ئیسرائیل، بەو ئەندازەی دژستەباتێک، هەر دژستەباتێک، ئەو ویست و ئاواتەت بە دابین دەکا، بەو ئەندازەیە جەگای پشتیوانیە، ئەگەر ئەمڕۆ لە دانیشتویەکی ئیسرائیل، بەتایبەت لەو شوێنانەی موشەکەکانی حەماس و جیهاد دەیانگاتە، بپرسی ئاخۆ دژستەداڕانی ئەو ووڵاتە بەدرێژایی

مەژوو توانیویانە، بەردەوام کەم تا زۆر، ئەم ئاواتەی خۆکی جولەکە دابین بکەن، یا خود هەمیشە لە دژی ئاوکەدا هەشتویانەوە؟ دیمەنەکانی ئێستای دانیشتوانی شاری تێل ئەبیب و عەسقەلان سەیربکەی دەتوانێ ئەم وێنانەو لە سیمایاندا بەدی بکەی، هەر بۆیە ئاگەر بۆیار بێ ئەو خۆکە بەدوای دەستنیشانکردنی (دژە جوو)وەوە بن، دەبێ سەرەتا لە دەسەڵاتدارانی خۆیانەوە دەست پێبکەن کە بەهەمان زمان دەدوێن هەمان بیر وڕای ئایینیان هەیە، ئەمجا بێنە سەر دوژمنانی دێرینەکی.
ئەم فەرمانە سادەیەی سەرەوە، گشتگیرە وناکرێ بە گروپێک تەواو بە وبە یەکجاری تر نا! مەژوو سەلماندوویەتی کە دەستنیشان کردنی (دژ) لەسەر بنەمای { نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست، ڕەگەز}، جگە لە خۆکردنە چاوی خۆک و فریودانیان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بارو دۆخی ئابووری سیاسی کەمایەتی کەمگا لایەن کەمینەیەکی باڵا دەست بەسەر زۆرینەیەکی ژێردەستدا، شتێکی تر نیە.
لەهەر گۆشەیەکی دونیا بیگری مرۆڤکان لەباری جەستەییەوە چوون یەکن، کەس سێ چاوی نیە، دوو دە و دوو سەری نیە..... خوێنی دانیشتویەکی ئوسترالیا، بگوترێ گروپی خوێن، بنمونە، بۆیەکجاری دانیشتوی کوردستان دەبێ، هەڵکەوتەی جوگرافیایی هاتنە دنیای مرۆڤ ناتوانی شوناسێکی جیا لە شوناسی ئینسانیبوونی بە دەستنیشان بکا و لەسەر ئەو بنەمایە جیای کاتەوە لەوانی تر، ئەوە ئەو شوناسە داتاشراوەیە کە بەتە (تەوقی عەزازیل) لە ئێستەی بەشەرکاندا و جیای کردونەتەوە، ئەمەش خۆی مەبەستی سیاسی نەبە هیچی تری بەدواوە نیە. دەکرێ لەپاڵ شوناسی ڕاستەقینەی مرۆڤ بووندا شوناسی تریشمان هەبێ بەناو ئەم (شوناسی ترە) بە (دژ) بوون بەکار نەهێنرێ و نەکرێتە بنەما.
ئاگەر ئەم ڕاستیە بە مرۆڤ بوون تەواو بێ ، هەمان ڕاستی بێ ئەو سەرزەمینەی مرۆڤکانیشی لەسەر دژین تەواترە، وێنەی گەی زەوی لە قوڵایی ئاسمانەوە سەیر کەین هیچ جۆرە سنورێکی تیادا بەدی ناکەین، ئەو سنورانە ساختەن وەک شوناسکان و دەستکردی مرۆڤکان خۆیانن لەپێناو هەمان مەبەستی پێشتر ئاماژەم پێدا.
لە خۆا نیە زیندە یاد هەمنی شاعیر ئەو بۆگەیەی لە شیعری (ناڵەی جودایدا) پێش بۆگەی دواتری خستوە کاتێک دەڵێ :
شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە
بانگی ئازادی و گۆڕی یەکسانیە

2021 -5 – 16

فنجانا قەهوە.. ژنقیسینا /کاژین یوسف دوسکی

هەریاخیبونەکا من
یا دشیشا شرابا تەدا
نقوم بوی
تەدا خوژبیرکری
سەرخوش و گۆژکری
خە
ب سەمایا عەشقە هەرکری
هندە هندی
قەهوەکا رەشا
وەکی
تاریاتیا هیڤیەن من
ب سەردا نەکری
دەنگە
قورچە قورچا فرەن وە
دگەل
تەحلیا تاما وە
دبیتە زەنگا هشیارکرنە
هەمی چرکەساتەن تراژیدیەن
ژیانا من دگەل تە
دکەتە کورتە فیلمەك
ل جیهانا سینەمایا عەشقە
د دانیتە بەر چاڤەن مە
هەر وەکی
جیهانە هەمیە
روناهیا ژدەست دای
بویە تاریستان
ل دورمانەت مە
هەر مەعشوقەکە
رەکا خە بەرزەکری

یە هاتی وبویە
مریدە رەکامە

ژنفیسینا /کاژین یوسف دوسکی

پەیامێک لە (٤) نامەدا.. فازیل شـــــەوە

نامەی یەکەم:
ئەی قوربانییانی خیانەت و خەفرۆشی و بازرگانانی جەنگ، لە دەڤەری غەززەی ئاگر و بارووت و خوێن:
بە پڕڕشم بە ئەو ژن و منداڵ و پیر و گەنجانەی، لەنەو دەزەخی شەڕ و پێکدادانێکی خوێناوی و کاولکاریدا، بە درێژایی ئەو ١٢٠ سەختانە، هەناسەی دوکەڵاوی هەدەمژن و زووخاوی چاوتان دەخنەوە و بە خەپەتە زام و بریندارەکانتان تیمار دەکەن.
برسێتیی و ترس و تەقاندن و ماڵوێرانی و هەڕەشەی دەژمنێکی دەسەڵاتداری بەهەز، تەواو شەپرزە و شکەتی کردوون. هەرچەندە ئەمە باجی ئازادییە.
لەگەڵ پەڕەشیی خەم بە ئەوە، ئێستا ئەو گلەییەتان لێدەکەم ، کە دوێنێ تەپ و تەیارە و چەتە و جاشی ئێردوگان، زێر دەندانەتر لە جوولەکە، ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیلی شارەکانی عەفرین و کەبانی و سەریسپی و قامیشلوو و عامودە... قەتل و عام دەکرد و ماڵوێرانی تاڵان و وێران دەکردن و مزرا و باغ و ١٠٠زاکانی دەسووتاندن، قەت نەدەبووایا، ئەوە لە مسجد الاقصی دەست بە ئاسمان هەبڕن و دوعاو نزا بخوێنن، خودا ئێردوکان و چەتە و جندرمەکانی بەسەر کوردانداسەرخات و کوردەکان زەلیل و یەخسیر بکات.
ئاخر، خە ئەگەر نەتەنیاهە، جوولەکەیە و زایەنزمە، خە ئێردوکان موسەمان و ئیسلامییە و کوردیش، نەوەی ئەو سەلاحەدینەن کە ١٠٠ک دەروازەکانی قودسی بە واڵاکردن!
گلەیی بە، کە ئەوەش وەک کورد، خاکتان داگیرکرابە و ستەمتان لێکرابە، چەن ویژدانتان رێ پەدان ئەو خەتایە گەورەیە بەرانبەر کوردان بکەن؟

نامەی دووەم:

ئەی ئەو جوولەکانەی ئێستا لە ژێرزەمینەکاندا خەتان هەڵاسداوە:

هەرچەندە ئێوەش حەفتا ساڵەکە، لە ژینگەیەکی دژوارو نائارامی پڕ شەڕ و تەقینەوە و خوێن و سووتاندا، ژیان بەسەر دەبەن و گەبەندەکی درێژخایەنی چارەنەکراوتان بە خەتان ناوتەوە و هیچ ئایندیەکی ڕوونی دیار نییە، وا چەند هەڵزنکە، جار جار خەتان دەخزێنە ژێرزەمینەکان و کوونە تەیارەکان، لە ترسی مووشەکەکانی غەززە.

دەزانم، ئەو خەزیندانیکردنەی ئێوە، ساتەکانی قورسە، ناخۆشە، خنکێنەر و دەپەست دەکات و هەزر و هۆش دەشڵەژێنە، لە دەست و ئازیزان دادەبڕن و ترستان لێدەنیشە.

لە گلەییەکیش لە ئێوە: باشاترین سەرکردەتان، زڵیلانە دەستی نایە نێو دەستی دوژمنی بابەگوڕتان ـ یاسیر عەرەفات، و چاکبوونەوە، کەچی چونکە هەڵزنک ئاپۆ، لایەنگری خەباتیی فەڵەستینییەکان بوو، بە پیلانێکی گەاو، لەگەڵ دەستەکانتان، ئەو قارەمانەتان یەخسیر کردو خزانتانە نێو زیندانی دەندەترین نەتەوەپەرستیی ئەم جیهانە.

ئەگەر ئێوە چەند سەعاتەکە لە ژێر زەمینن، ئێوا ئاپۆی ورە قەندیل (٨١٢١) شێو و هەژە لە زیندانێکی ئینفرادی دوورەدەستە، لە دورگەیەکدا، بە دەستی ئێوە، بەندکراوە، نزک خزم و دەستەکانی نابینی و دابڕاوە لە جیهان، تەنانەت مانگ و ئەستێرەکانی خوداش نابێ ببینی.

گلەیی بێ، لە ئێوە، چۆن ئەم زوڵمەتان قبوڵکرد، خەشتان بە دیموکراتخوازی هەژهەژاتی ناوند ناوزەند دەکەن؟

نامەی سێیەم:

بە هەموو ئەوانەی پشتیوان و پاپشت و نابگخوازی ئاشتی و ئازادین لە جیهاندا:

هەرچی خەپشاندان و چالاکیی هەیە، بیکەن لە پەناو کەتایی هەنان بە شەڕ و کوشتار و ماوەرانی، منیش پشتیوانتانم، منیش حەزدەکەم ئەو ماوەیانییەی غەززە و هەموو جیهان، هەر ئێستاو تاهەتایە، کەتاییان پێ بێت.

بەڵام، ئەگەر ئێوە هەندە مرۆڤدۆست و باخەبەری ستەمکاری نەتەوە مزلومەکانن، گلەییەکیشم لە ئێوە هەیە، خەرە وا ئیمە گرج و گۆڵ و گەرم و گوڕن، ئەدی ئەو هەژانەی بە هەزاران کیژ و ژنی ئێزیدی سەربران و لاقەکران و کران بەسەبایە، ماقوولە هەر هەموتان خەوتبوون؟ ئەدی کە ئەو سەدان گوند و شارەی کوردان سووتاو وێرانکراو بە زیندی چاوان ژن و منداڵ و گەنجیان بە بنزین بە بەرچاوی خەڵکە دەسووتاند، ماقوولە، ئێوە هەر هەموتان بەخەبەر

بوون... زۆر زۆریتریش..
ئەم هەڵیاکاریی نییە...؟ خۆ کوردیش نەتەوەیە و زۆرینەی موسڵمانە و هەر نابە مرۆڤ؟ ئەرێ، ئەوە لە کوێن؟ ئەدی، ئێستا لە کوێن، خۆ زوڵمەکان بەردەوام؟

نامەی چوارەم:
ئەی کوردی سەزداری مرۆڤدۆستی خودا پەرستیی دادپەروەر:
برین هەر برینە، فرمێسک هەر فرمێسکە، سووتان هەر سووتانە، کوشتن هەر کوشتنە، زوڵم هەر زوڵمە. منیش وەکو ئەوە لایەنگری سڤیلەکانی غەززام، بەڵام گللەیەکیش لە ئەوە: ئەدی ئەو هەموو گوند و گوندنیشین و شاخ و داخ و هەز و باغ و ژن و منداڵ و پیریانەی کەتوونەتە بەر سەرەی چەکی ئاگرینی ئەردوگان لە کوردستانەکەی خۆتان، هاوخوێنی خۆتان نین؟ موسڵمان نین؟ مرۆڤنین؟
ئەو بەرگریکردنەی ئەوەش لە سڤیلی بێدەسەڵاتی غەززە، هیچ هیاکاریی تێدا نییە؟
نا... بە شەرو زوڵم و ستەم...
خێر... بە ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی... لە هەموو جیهان.
١٦/٥/٢٠٢١ دوبلن

گفتوگۆیەکی خێرای لەگەڵ ئەردۆگانی دیکتاتەردا دەربارەی داگیرکاری.. نوسینی: ژەڵەدکراو.. وەرگێڕانی: لوقمان ئابڕاخی

ئەردۆگان: هەر ئێستا کەتایی بە داگیرکردن بهێنن.
ئاوێژکار: لێی باشتر نیە، ئەم لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە قوبرسمان داگیرکردوە وتچونکەیشی زۆر کەوتوە لەسەرمان.

ئەردۆگان: نا گەوجە، مەبەستم داگیرکەری ئاستەقینەیە کە پێویستە

هەمویان بچنە دەرەوە.
ئاوێژکار: ئەها، تێگەیشتم، مەبەستت ئەوەیە کە چیتر یارمەتی ئازربایجان نەدەین کە شاری ئارساخی ئەرمینیەکانی بە یارمەتی ئەمە داگیرکردوە.

ئەردەگان: نا، من هەرگیز شتی وا ناڵێم، مەبەستم عەرەبەکانە کە دەمرن.
ئاوێژکار: دیارە ناتەوەت یارمەتی مورتەزەقە وڵەردەکانی شێی لیبیا بدەیت کە بونەتە سەرچاوەی تەقاندن بە خێکی لیبیا.

ئەردەگان: نا، سود لەبەکارهێنانی ئەوان دەبینین. مەبەستم برا موسڵمانەکانمانە.
ئاوێژکار: دیارە مەبەستت کوردەکانی ێژئاوای سوریایە کە لە ێگەی گروپە تیرەریست و جیهادیە مورتەزەقەکانەوە لە باکوری سوریا دەرمانپێاندن.

ئەردەگان: بەگومان نەخێر، گەل مەبە، پەویستە سوریا بگێتەوە بە خاوەنەکەی.
ئاوێژکار: ئەستا لە لەجیکەکت تێدەگەم، مەبەستت ئەوەیە کە ئیتر لیوای ئسکەندەرونە بگێنێنەوە بە سوریا، زێر حکیمانەیە.

ئەردەگان: چی؟ ئەوە تە باسی چیدەکەیت؟ من ئێم با وجودی داگیرکاری بوسەتنین.
ئاوێژکار: دیارە مەبەستت وجودی سوپاکەمانە لە بەلقان، سەمال، ئەفگانستان و قەتەر؟

ئەردەگان: هەرگیز. ئەمەندە گەل مەبە، پەویستە خەلافەتی عوسمانی نوە بنیات بنەینەوە.
ئاوێژکار: کەواتە تە ئەتەوەت کەتایی بە داگیرکردنی خاکی ۲۰ ملیۆن کورد بهێنین لە باکوری کوردستان ێگەیان بدەین بە ئەوەی ویلایەتێک بە خەیان دروست بکەن.

ئەردەگان: چۆن جورئەتت کرد پێشنیازێکی خیانتکارانەی لەو شێوەیە بکەیت؟ من ئێم پەویستە پەلامارکان بوستنرێن.
ئاوێژکار: مەبەستت داگیرکردن و بەمبارانکردنی گوندەکانی کوردستانی ئێراقە؟

ئەردەگان: نا، ئەو بەردمانکردنانە باشن و ئاستەی تیرەریستەکان کراون.

ئاوێژکار: بەڵام هەمو دەوڵەتە داگیرکەرکان وا ئاسان بەرامبەر بەوانەی بەرەنگاریان دەبنەوە(مقاومەیان دەکەن).

ئامادەگان: بەڵێ، ئەوانەی کە دەوڵەتیان نیە، پێویست مافی چارەی خۆنوسینیان هەبێت.
ئاوێژکار: تێگەیشتم، واتە تورکیا یارمەتی سەربەخۆبونی تامیل، بلوچ، ئۆژاوای پاپوا، سەحراویە، قەبایل و باسک بدەین.

ئامادەگان: ئەوە تۆ شێتیت؟ سری لانکا، پاکستان، ئەندونیسیا، مەغریب، جەزائیر و ئیسپانیا هاوپەیمانی تورکیان.
ئاوێژکار: بمبورە جەنابی خەلیفە، من تا ئێستا تێناگەم مەبەستت چیە؟

ئامادەگان: مەبەستم داگیرکاریەکەی ئیسرائیل بە فەلەستین کۆتایی پێ بهێنین.
ئاوێژکار: ئە، تێدەگەم، بەڵام تۆ هەرگیز بە کردەوە دژی ئیسرائیل نەوەستاویتەوە، هەموی قسە و موزایەدەی کاتی هەڵبژاردنکان بوە. چیە؟ ئەمجارە بە جدیتە؟
ئامادەگان: (بە قاقای پێکەنینەوە)، ئەوە ئەقڵت لە دەستداوە؟ من کە ئەمە دەڵێم تەنها بۆ ئەوەیە کە وای پیشان بدەم کە سەرکردایەتی ئەمەتە خیانەیەکەم بکەم. (مەبەستی ئەمەتی محەمەدە – وەرگێڕ)

ئاوێژکار: کەواتە ئەمە هەموی بۆ خەڵەرخستن و موزایەدەیە.
ئامادەگان: ڕێک وایە. دەی کوفیەکەم بدەرێ با سەفیەکی پێوەبگرم و لەگەڵ کەمێک لەو پارەیەی هیرمیس داوێتی بە خەزانەکەم بە بازاڕکردن، بنێرم بۆ حەماس.

لینکی وتارەکە بە ئینگلیزی لە فەیسبوکدا:
https://www.facebook.com/groups/KurdsUSA/?multi_permalinks=3543084232462076&notif_id=1621216491839680&notif_t=group_activity&ref=notif

2021-16-05
وەرگێڕانی: لوقمان ئاباخی

مەرگەساتی بەهار.. سوهێلا مەهەمی

بۆ جەم بەهەن،
لە نیشتمانی گەردەلوولدا
خاکیتر خوێنکانم،
خەماوە
پرچی زەیتونی هەوا،
بە ددانی خاک و دەستی با،
مەزات
بە خاچی بەروارێکدا
فرمێسکم،
سوور بە تەمەنی خودادا
خنکانی کانی و
خەزەزی دارستان
لە ئاوێنەی شەکەکی پیرەزدا،
مردنەکانمان پیر دەبە".

سنە
سوهێلا مەهەمی

ناوەندی هەشتبیری مەم و زین، کەک بە کتێبی (گێرانەوە لەداستان و شانەدا مەم و زین بەنمونە) سازدەکات.

ناوەندی هەشتبیری مەم و زین، کەک بە کتێبی (گێرانەوە لەداستان و شانەدا مەم و زین بەنمونە) سازدەکات.
لەنووسینی(هاوکار جەمیل)

بەئامادەبوونی نووسەر و ڕەخنەگر (دڵشاد کاوانی) بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەیی لەبارەی کتێبەکە.

ڕۆژی چوارشەممە 2021/5/19
کاتژمێر 4:30 ئێوارە
شوێن: هۆڵەر، داونتان، کتێبخانەی مەم و زین.

وەم، وەـــم، لەـــم.. بینەر میرزا

دیمەنەکە؛
ئەم ژیانە؟
کام سەردەمە؟
ورتە ورت دێ؛
بەنی خودا؟
ئاسوودەی؟
گیانبەخشینم بە شوومییەک
زەمەن گەڕای، بە تاریکی
ڕەشبایە؛
کام کێژەڕە تە مەبەستە؟
سکی برسی کام کرێکار؟
دەردی مەسقەفان، یاشی لە تۆ؟،
ڕە بوو نا سەڕ؛
ئاوازی مەرگی بەهوودە ئەژنی؟
نا نا نەتەی نەبوو چوونکم هەڵ بوو!،
دەبەسیکە، ئاه؛
وەیم یان وەیم یان لەیم؟.
لەبوونەوە لە گەردوون؟
مردن بە کەوتنە خوارەوە لە جەلانە وەک ئەوە وایە
ببی بە تەم لەنەو گزنگی هەتاودا
وێنەی پرشنگەک، دەکەشم
هەر ڕۆژەک دەت بەسەر ئاسەی نیشتماندا

پ دات و
شین دبین و، چیدی نایکین شین
وام لە چیاکاندا کام هەی بەرزەفە
لە سنیادا ئازادیی بدی دکا
پەی کام گو دبتە لانکی من و
ئاخ کی بت، شنبایک هبکات و
بیبوونکان بلنجنە تاکوو منیش
بدیاریو گو ادرم بە (دودوک)
و خیالی خم بکم لە پناو تە،
وام کاتک شقی جزم و پستا
شونی ئاوازی شمشاکانی گرتوتو
لە دمدا سزی دلاونتو،
لەم، لە بنی گماوکدا
ئو ئاژاو بە هاتاو ئگەن
کانیی بریندار ئکن لە پناوی بەک هتاو
وە نازانن من لەم
وام، وام ،لەم
لە چری گوی مینا نادنیام
لە لالنگیکان بزارم
چوون، ونی خر دکن لە مشکمدا
لە گردووندا
ئستركان هدفن و
سردمکە چاوم تاکوو
ئستریک بکشتە نو ئاسمانو
تە نازانی لە پناو تە چیم کردوو،
زمنکە بە ئاگای لم
تک تک دچە خونی گوا سوورکان
کترکان هماکیان لە بردراو
ژر پیکانم زیخی کانی لە ناگە
ئاسی دیدم دری پرشنگ تەخی دکا
بەام بە داراساکی دستم هر دم
دیشرمو.

بینر میرزا